facebook

1 1

**Mulk News :: مۆڵك نیوز**
6 February at 21:59 ·

باڵەخانەکانی هەرێم ڕەچاوی مەترسیی بوومەلەرزەیان کردووە؟

پسپۆڕێکی بوواری ژینگە ڕایدەگەیەنێت، لە هەرێمی کوردستان هەتا ساڵی ٢٠١٠ بینا و باڵەخانەکان لەنێوان 3.5 بۆ 4.5 پلەی ڕێختەر دروست دەکران، بەڵام لەو ساڵەوە ئێستا لەسەر ٥ پلە دروست دەکرێن.
د.مەسعود حسێن، مامۆستای کۆلێژی زانست و پسپۆڕی ژینگەیی بە مولک نیوزی ڕاگەیاند: کاتێک باڵەخانەکان لەسەر حسابی 5 پلەی ڕێختەر دروست دەکرێن، ئەوا ڕەنگە تا 6 بۆ 6.5یش بەرگە بگرن و نەڕووخێن.
ئاماژەی بەوەش دا، بیناکان پێشتر لە هەولێر حسابی 3.5 و لە دهۆک 4 و لە سلێمانیش 4.5 پلەی ڕێختەر کراوە.
دەشڵێت، جگە لە لەبەرچاوگرتنی ئەو پلەیە، کوالێتیی بیناسازیی زۆر گرنگە، کە ئاخۆ حسابی ئەوە کراوە کەرەستەکان بەرگەی ئەو پلەیەی بوومەلەرزە بگرن، بەتایبەتی شیش.




Your Internet connection was restored.

42 comments 2 shares

Like Comment Share